ئێران بۆ عومان: هاوڕێی جددی هەڕەشە ئامادەین بۆ گفتوگۆ



ئاژانسی هەواڵی عومان بڵاویکردەوە، بەدر ئەلبوسەعیدی، وەزیری دەرەوەی عومان، پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لە عەباس عەراقچی، هاوتا ئێرانییەکییەوە پێگەیشتووە، لەو پێیوەندییەدا عەراقچی جەختی لە کرانەوەی تاران کردووەتەوە بە هەر هەوڵێکی جددی کە یارمەتیدەر بێت لە ڕاگرتنی ئاگرزیەکان و گەڵانەوەی سەقامگیری.

یەکشەممە 1ـی ئاداری 2026، ئاژانسی هەواڵی عومان بڵاویکردەوە، بەدر ئەلبوسەعیدی، وەزیری دەرەوەی عومان، پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لە عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران پێگەیشتووە، لەو پێیوەندییەدا سوپاس و پێزانینی وەاتەکەی بە ڕەسمی سەرتەنەی عومان و هەوڵە دیپلۆماسییە بەردەوامەکانی دەربێیوە، کە ئامانج لێی هەورکردنەوەی قێیرانی ئێستا و گەڵانەوێە بە سەر ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان.

عەراقچی هەوڵستی ئێرانی خستووەتەڕوو کە وەاتەکەی خوازیاری ئاشتییە، ئاماژەی بەوەش کردووە، هەڕەشی ئیسرائیل و ئەمریکا بە سەر وەاتەکەی هەکاری سەرکەی بووە بە تەکچوونی دەخەکە و بەاوبوونەوەی ترس و

دەڵاوکە لە ناوچەکەدا، جەختیشی کردووەتەوە کە لایەنی ئێرانی پشوازی لە هەر هەوڵێکی جددی دەکات کە ببێتە هۆی راگرتنی پڕۆسەندنی گرژییەکان.

لەلایەن خۆیەوە، بەدر ئەلبوسەعیدی جەختی لەوە کردەوە، سەتانەی عوممان بڕدەوام دەبێت لە داواکارییەکانی بۆ چڕسپاندنی ئاگربەست و گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان بە ڕێگەی دیپلۆماسی، بۆ جڕێک کە داواکارییە ڕەواکانی هەموو لایەنەکان دابین بکات، هەروەها داوای لە لایەنی ئێرانی کرد کە دان بەخۆدا بگرن و دووربکەونەوە لە هەر کارێک کە ببێتە هۆی تێکدانی پێوەندییەکانی دراوسێیەتی.

عراقچی پێشتر لە لەدوانێکدا بۆ کەناڵی (ئەلجەزیرە) جەختی لەوە کردبووەوە، پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی کەنداو باش و ڕایگەیاندبوو: "ئێمە هەرش ناکەینە سەر دراوسێکانمان لە وڵاتانی کەنداو، بەڵکو هەرش دەکەینە سەر بوونی ئەمریکا لەو وڵاتانەدا."

وەزیری دەرەوەی ئێران گوتیشی: "دەزانین وڵاتانی کەنداو لە هەرشەکانمان تووڕەن، بەڵام پێویستە بزانن کە ئێمە شتێکە بەسەرماندا سەپێنراوە."

هەروەها وەزیری دەرەوەی ئێران جەختی کردەوە، پێسەی تیرۆرکردنی عەلی خامنەیی کارێکی زۆر مەترسیدار و بێپێشینەیە و پشێلکردنێکی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکانە، ئەمەش ڕووبووەوەکە ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر دەکات، لە درێژەی قسەکانیدا عەراقچی گوتی: "هیچ بڕیارێست و سنوورێک لەبەردەمماندا نییە بۆ بڕگریکردن لە خۆمان."